# ئیڤرا: ئەوەی لە یاری ئێرلەندە روویدا



نێوەندە وەرزشییەکان دەیانەوێ بزانن ئەو ئاست بەرزییەی ئەستێرەی فەرەنسی باتریس ئیڤرا لە نێو یاریگا نیشانی دەدات، باڵی چەپی یانەی مانچستەر یۆنایتد و هەڵبژاردەی فەرەنسا چەندین کیلۆمەتر دەبڕێ بۆ ئەوەی رێگا بە رکابەرەکانی نەدات بە سەربەستی یاری بە تۆپ بکەن و هەروەها توانایەکی بێ وێنەی لە هاوکاری کردنی برادەرەکانی هەیە. یاریزانی ناوبراو نازناوی خولی یانەکانی ئەوروپا و جامی یانەکانی جیهانی بە دەستهێناوە، لەسەر ئاستی کەسایەتی خۆشی چەندین نازناوی بردۆتەوە لەوانە نازناوی باشترین یاریزانی باڵی چەپ لە خولی ئینگلیزی 2006-2007 و باشترین یاریزانی باڵ لە ساڵی 2009، بە گوێرەی راپرسی Fifa pro wors x1.کەوتە لیستی باشترین یاریزانەکان

# دەچێتە نێو بازنە هونەرییەکانی تۆپی پێ

*** لەگەڵ یانەی مانچستەر یۆنایتد گشت نازناوەکانت بردەوە لەوانە خولی یانەکانی ئەورووپا و جامی یانەکانی جیهانی ٢٠٠٨، لە ساڵی ٢٠١٠ ئاواتت چییە؟**

- وەکو پارساڵ بەنیازین پارێزگاری لە نازناوەکان بکەین، لە مانچستەر یۆنایتد یەك نازناو بۆ ئێمە بەس نییە و دەبێ بەشداری لە هەر پاڵەوانێتیەك بکەین ببینە خاوەن جامەکە و ئاواتمان ئەوەیە کە بۆ وەرزی چوارەم لەسەر یەکدی نازناوەکە ببەینەوە ئەمەش دەبێتە دەستکەوتێکی مێژوویی و نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە چاومان لە خولی ئەورووپاشە، ئاواتی گەورەم ئەوەیە خەون بە سێ نازناو دەبینم، کە ژیانی وەرزشیم پێ تەواو بکەم، سێ جار لە یاری کۆتایی بەشدار بوومە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ مۆناکۆ و ساڵانی ٢٠٠٨، ٢٠٠٩ لەگەڵ مانچستەر یۆنایتد، بەڵام لە دووانیان دۆڕاندمان.

*** دوای ئەوەی لە تیروپشکی جامی جیهانی هەڵبژاردەی فەرەنسا کەوتە کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ مەکسیك و ئۆرگوای و باشووری ئەفریقیا، چۆن رووبەڕووی هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا دەبنەوە کە میوانداری ئەم کەرنەڤاڵە دەکات؟**

- وا بزانم چانسمان نەبوو کەوتینە کۆمەڵەی ئەو وڵاتەی کە میوانداری مۆندیال دەکات و وای بۆ دەچم لەو یارییە دا جەماوەر بەجۆش و خرۆشەوە بێنە یاریگا و هەڵبژاردەی بەرامبەرمان دەبێ زۆر خۆی ماندوو بکات، چونکە لە یاریگای خۆی و جەماوەرەکەی یاری دەکات و پاڵەپەستۆشی لەسەر دەبێت.

*** ئاستی هەڵبژاردەی فەرەنسا چۆن دەبینی سەرەڕای بوونی ئەم هەموو ئەستێرەیە، دەکرێ هۆکاری شکستتان لە یۆرۆی ٢٠٠٨ و بەزەحمەت گەیشتنتان بۆ کۆتاییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ بزانین؟**

- سەبارەت بە پاڵەوانییەتی ئەورووپا بە شکستێکی گەورەی دەژمێرم سەرەڕای بوونی ئەم هەموو ئەستێرە بەناوبانگە لە هەڵبژاردەکەمان، کە لە گەورەترین یانەکانی جیهانی کاریان دەکرد، سەبارەت بە پاڵاوتنیش راستە ئێمە گەیشتنە یاری پاشکۆ دواتر گەیشتینە کۆتاییەکان، بەڵام نابێ ئێمە شانازی بەو دەستکەوتە بکەین و ئاهەنگی بۆ بگێڕین، دەبوایە ئێمە زووتر پلیتی گەیشتن بۆ



کۆتاییەکان ببڕین، ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە دەبێ وا بکەین بۆ ئەوەی کێش و کەسایەتی هەڵبژاردەی فەرەنسا بگەڕێنینەوە دۆخی جارانی، ئەویش بە مەشق و راهێنانێکی چڕوپڕەوە.

*** گەیشتنتان بۆ مۆندیال بەم شێوەیە و گلەیی و گازاندەی دەزگاکانی راگەیاندن کاری خراپی لەسەر دروونی یاریزانەکان نابێت یان بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ پێشکەشکردنی ئاستێکی باشتر و ئاستێکی باش لە مۆندیال نیشان بدەن؟**

- بە تەئکید هەردوو هەڵبژاردەی فەرەنسا و ئەرژەنتین کە بە زەحمەت گەیشتنە مۆندیال ئاستیان پێچەوانەی پاڵاوتن دەبێت کە دڵنیاشم لەو کارە، ئێمە بەرپرسیار بووین لەو ئاستە خراپە و ماوەی دوو ساڵ لە غەم و پەژارە دابووین و ئاستمان وەکو پێویست نەبوو، توانیمان ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەرمان بوو، بیگۆڕین بۆ سەرچاوەی هێز و یەکڕیزی تیپەکەمان و دەبێ بۆ ئەوانە بسەلمێنین کە گلەیی و گازاندەیان دەکرد هەڵە بوون دەمانەوێ بە یارییەکانمان دڵی جەماوەر خۆش بکەین.

*** دوای یاری چارەنووسسازتان بەرامبەر کۆماری ئێرلەندە، هەلت بۆ نەڕەخسا قسە لەگەڵ برادەرەکەت لە یانەی خۆتان جۆن ئۆشێ بکەیت؟**


- بە تەئکید قسەمان لەگەڵ یەکتر کرد، چونکە بەیەك فرۆکە لەگەڵ شەش یاریزانی دیکەی ئێرلەندی گەڕاینەوە مانچستەر خۆشحاڵ بوو کە چاوی بە من کەوت سەرەڕای ئەو شتەش کە لە یارییەکە روویدا، هیوای ئەوەی خواست لە کۆتاییەکان ئاستمان بەرز بێت و نامەوێ زۆر باسی یارییەکە بکەم، چونکە ئەمەی رووید یەکێکە لە هونەرییەکانی تۆپی پێی جیهانی و دەبوایە ئێمە لە یارییەکە پەناڵتیەکمان بۆ بژمێردرێت، بۆیە تۆپی پێ جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە ئێستا بەشداریکردنی فەرەنسا لە مۆندیال تەنیا ئەمە گرنگە بۆ من.



# ئایا ڕۆناڵدینهۆ بۆندی لەگەڵ ئەی سی میلان نوێ دەکاتەوە؟

دوای ئەوەی ڕۆناڵدینهۆ لەم وەرزە ئاستێکی یەکجار بەرزی لەگەڵ یانەی ئەی سی میلان پێشان دا و توانی تا رادەیەك بگەڕێتەوە ئاستی راستەقینەی خۆی، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەی ئەی سی میلان بۆندێکی تازەی پێشکەش بە ڕۆناڵدینهۆ کرد بۆ ئەوەی بۆندەکە تاوەکو ساڵی ٢٠١٤ نوێ بکاتەوە، بەڵام لە یەکێك لە خاڵەکانی بۆندە نوێیەکەدا هاتووە کەوا مووچەی ساڵانەی ڕۆناڵدینهۆ لە ٨ ملیۆن یۆرۆ بۆ ٦ ملیۆن یۆرۆ کەم دەبێتەوە، تا ئێستا ڕۆناڵدینهۆ هیچ لێدوانێکی دەربارەی نوێکردنەوەی بۆندەکەی نەداوە.

جێگەی باسە ڕۆناڵدینهۆ بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات جێگای خۆی لە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری لە جامی جیهانی ٢٠١٠ بکات.




# بۆ میوانداریکردنی مۆندیال یاریزانانی ئیسپانیا پشتگیری وڵاتەکەیان دەکەن

دوای ئەوەی هەردوو وڵاتی ئیسپانیا و پورتوگال بەفەرمی داوای میوانداریکردنی مۆندیالی ٢٠١٨ یاخود ٢٠٢٢ لە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی کرد.

بۆ ئەم مەبەستە راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یاریزانەکانی خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم میوانداریە دەربڕی و تەئکیدیان لەوە کردەوە کە وڵاتەکەیان دەتوانێ میوانداری یەکێك لەم دوو مۆندیالە بکات، دیل بۆسکی لە لێدوانێکیدا گوتی: تۆپی پێی ئیسپانیا بە باشترین قۆناغدا تێپەڕ دەبێ و هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئاستێکی باش نیشان دەدات، میوانداریکردنی ئیسپانیا و پورتوگال بۆ ئەم مۆندیالە لەسەر دروستکردنی یاریگای گونجاو رادەوەستێت.




لە هەمان کاتدا ئیکەر کاسیاس گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا گوتی: ئیسپانیا خاوەن جەماوەرێکی زۆرە کە عاشقی تۆپی پێن، بۆیە جێگەی خۆیەتی میوانداری مۆندیال بکەن.

یاریزانی بە توانای هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە زاڤی گوتی: ئێمە تۆپی پێیی راستەقینە پێشکەش بە جەماوەر دەکەین، بۆیە جێگەی خۆیەتی میوانداری مۆندیال بکەین.

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی لیڤەرپوول تۆریس گوتی: ئیسپانیا پێش دەکەوێت، کێ لە ئیسپانیا باشتر هەیە بۆ ئەوەی میوانداری مۆندیال بکات؟.

# ریال مەدرید بە ١٢ ملیۆن یۆرۆ رائوول دەفرۆشێت




بەڕێوەبەری کارەکانی رائوول و خۆرخی ڤاڵدانۆ جێگری سەرۆکی یانەی ریال مەدرید ڕێکەوتن لە وەرزی داهاتوو هەر یانەیەك بڕی ١٢ ملیۆن یۆرۆ بداتە ریال مەدرید ئەوە رائوول یانەی شاهانە جێدەهێڵێت، هەرچەندە رائوول ماوەی ساڵێکی لە بۆندەکەی لەگەڵ ریال مەدرید ماوە، بەڵام یانەی شاهانە بڕیاری داوە ئەم یاریزانە لە وەرزی داهاتوو بفرۆشێت.

جێگەی باسە رائوول گۆنزالیسی تەمەن ٣٣ ساڵ یەکێکە بوو لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی ئیسپانیا و ریال مەدرید ماوەیەکی یەکجار زۆر لە یانەی شاهانە یاری دەکات و جەماوەری ئەم یانەیە بایەخێکی زۆر بەم یاریزانە دەدەن.



## ١٠٠ یۆرۆ هۆكاری ئاست بەرزی ڕۆناڵدۆیە!!!

یەكێك لــە ڕۆژنامــە بەناوبانگەكانی مەدرید ئەوەی ئاشكرا كرد كە كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بە یارمەتی ئامێریكی ژاپۆنی لە كاتی یارییەكان پارێزگاری لە ئاست بەرزی دەكات .

ڕۆژنامەی "مــاركا" ئامــاژەی بەوە دا كــە ڕۆناڵد ئامێرێكــی ژاپۆنی بە ناوی (ماوس گارد) لە نێو دەمەكانی دادەنێت كە دەبێتە هۆكاری بەهێز بوونی یاریــزان و پارێزگاری لــێ دەكات و لەكاتی یارییەكان هێزێكی یەكجار زۆر دەداتێ.

هەمان ڕۆژنامە ئەوەی ئاشــكراكرد كە ئەم ئامێرە نرخەكەی تەنیا ١٠٠ یۆرۆیە، بۆ یەكەم جار تایگر وۆدز ئەفســانەی جیهانی بۆ یاری گۆلف بەكاری هێنا، ئەم ئامێرە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا دەســت ناكەوێت تەنیا لە ژاپۆن هەیە و بەشــێوەیەكی زۆر كەم لــە ئەمەریكا و بەریتانیا و ئیتاڵیا هەیە.

لە كۆتایی ڕاپۆرتــی ئەم ڕۆژنامەیەدا هاتووە كە یاریزانانی یانەی ئەی ســی میلان لەم چەند مانگەی ڕابردوو هەمان



## زیدان باسی ئەستێرەكانی ریال مەدرید دەكات



لە چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ ڕۆژنامەی ماركا یاریزانی پێشووی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی فەرەنسا زینەدین زیدان باســی ئەستێرەكانی یانەی ریــال مەدرید كــرد و گوتی: ڕائوول نموونەیەكی زۆر جوانە بۆ یاریزانەكان.

زیدان لەبــارەی كاكاوە گوتی: گرێبەســتی كاكا سەركەوتووترین گرێبەستە بۆ یانەی ریال مەدریــد و جێگەی خۆشــحاڵییە یاریزانێكی بە توانای وەكو كاكا لە یانەی شــاهانە یاری بكات.

لەبارەی بنزیمە زیدان گوتی: بنزیمە یاریزانێكی بە توانایە، بەڵام دەبێ خۆی لەگەڵ شێوازی یاریكردنی ریال مەدرید ڕابهێنێت.

ســەبارەت بە ڕێبیری ئەفســانەی پێشووی فەرەنسا زیدان گوتی: ڕێبیری بۆ ئەوە لە دایك بووە تاوەكو لە ریال مەدرید یاری بكات.

لە كۆتاییدا سەبارەت بە ڕاهێنەری ریال مەدرید زیدان گوتی: بە تەواوی بلگرینی ناناسم بۆیە حەزناكەم باسی ئەم ڕاهێنەرە بكەم.

جێگــەی باســە بــۆ چەندین جــار زیدان ئامۆژگاری ســەرۆكی یانەی ریالی كردووە بۆ ئەوەی ڕاهێنەری تیپی شــاهانە بلیگرینی لە كارەكەی لابدات و ڕاهێنەرێكی تر بهێنێتە شــوێنی، بۆیە زیدان ڕاهێنەری یانەی بۆردۆ لۆران بلانی دەستنیشان كردووە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاهێنەری ریال مەدرید.

## مۆرینهۆ تۆپی پێ ئیتاڵیای خۆش ناوێت



جارێكی دیكــە مۆرینهــۆ ڕاهێنەری یانــەی ئەنتەر میلان بــەردەوام بوو لە لێدوانــە بەهێزەكانی، لــە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیــدا تەئكیدی لــەوە كردەوە كە خۆشــحاڵ نییە لە ئیتاڵیا و گوتی: هەســت بە خۆشــییەكی زۆر دەكەم لە یانــەی ئەنتەر میلان، بــەڵام نیگەرانم لە تۆپی پێی ئیتاڵیا و خۆشحاڵ نیمە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تۆپی پێی ئیتاڵیام خۆش ناوێت بەهەمان شــێوەی تۆپی پێی ئیتاڵیــا مۆرینهۆی خۆش ناوێت.

جێگەی باســە ڕۆژنامەكانــی ئیتاڵیا هەردەم ڕەخنە لە چۆنیەتی لێدوانەكانی مۆرینهــۆ دەگــرن و پەیوەنــدی نێوان ڕۆژنامەكانی ئیتاڵیــا و مۆرینهۆ زۆر خراپە.



# بە پێشبینی جادوگەران ریال مەرید دەبێتە پاڵەوان

رۆژنامەکانی ئیسپانیا لەم هەفتەیە بایەخێکی زۆریان بە پێشـــبینی جادوگەری بەناوبانگی ئیســـپانیا بیتـــۆ دا کاتێـــك لـــە یەکێك لە رۆژنامەکانی ئیسپانیا لێدوانی دا گوتی: ریال مەدرید لەوەرزی ئەمســـاڵدا دەبێتە پاڵەوانی ئیسپانیا.

ئـــەم جادوگـــەرە یەکێکە لـــە جادوگەرە هەرە بەناوبانگەکانی ئیسپانیا و رۆژنامەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەوا ئەم جادوگەرە بەهیچ شێوەیەك هەڵە ناکات، چونکە وەرزی رابردوو پێشـــبینی ئەوەی کـــرد کەوا بەرشـــلۆنە دەبێتە پاڵەوانی ئیسپانیا ئەمەش روویدا.

بینتـــۆ لە درێـــژەی لێدوانەکەیدا گوتی: ریال مەدرید بە جیـــاوازی دوو خاڵ لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە دەبێتە پاڵەوانی ئیسپانیا.

جادوگەرەکـــە پێشـــبینییەکەی هـــەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو ئەم یانانەی دەستنیشـــان کرد کە سەردەکەون بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و یۆرۆپالیك، جادوگەرەکە ناوی ئەو یانانەی ئاشکرا کرد کە دادەبەزنە خولی پلە دووەکانی ئیســـپانیا و گوتی: هەریەکە لـــە یانەکانی ڤالنســـیا و مایۆرکا سەردەکەون بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانـــی ئەوروپـــا و یانەکانی ئەتلەتیك بلبـــاو و دیڤەرتیڤۆ لاکرۆنیا ســـەردەکەون بۆ پاڵەوانێتی یۆرۆپا لیگ و یانەکانی تینریفی و ڤلدوەلید و خێریز دەچنە خولی پلە دووەکانی ئیسپانیا.

# بێکهام: بەشداریکردنم لە مۆندیال مسۆگەر نییە



**ئەستێرەی ئینگلیزی نیگەرانی و ترسی خۆی نیشـــاندا کە لەوانەیە خەونەکەی نەیەتە دی و بەشـــداری لە مۆندیالی داهاتوو نەکات، بێکهام لە یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی بەشێوەی خواستن هاتە یانەی میلانی ئیتاڵی ئەویش بۆ ئەوەی راهێنەر فابیۆ کاپێلۆ رازی بکات بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی ئینگلتەرەی بـــکات، نێوەندە وەرزشـــییەکان وای بۆ دەچوون کـــە جارێکی دیکـــە بێکهام بگەڕێتەوە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی، بەڵام ئەم پێکانەی دوایی وایکرد کە جەماوەر بێ ئومێد ببێ لە گەڕانەوەی، بێکهام کە تەمەنی ٣٥ ســـاڵە بەشداریکردنی لە مۆندیالی داهاتوودا مســـۆگەر نییە وگوتی: دەبـــێ دوای چاکبوونەوەم خۆم زۆر ماندوو بکەم و ئاواتم ئەوەیە کە شوێنم هەبێ لە لیستی بەشداربووان لە مۆندیالدا، بێکهام زیاتر گوتی: هێشتا ماوەیەکی زۆر ماوە بۆ دەستپێکردنی مۆندیال، گەر هاتوو کاپێلـــۆ داوای بکات بێکهام دەبێتە یەکەمین یاریزان لە چوار مۆندیالدا بەشداری بکات، جێگەی باسە بێکهام و بۆبی مۆر و شێلتۆن هەریەکەو سێ جار لە مۆندیالدا بەشدار بوونە.**



# ڤان بۆمیل ١٠٠ یاری ئەوروپی ئەنجامداوە

هەفتەی رابـــردوو هەفتەیەکی مێژوویی بوو بـــۆ مارك ڤان بۆمیل یاریزانی بایەرن میونخ و هەڵبـــژاردەی هۆڵەندە، چونکە توانی یاری ١٠٠یـــەم لە خولەکانی ئەوروپا ئەنجام بـــدات دوای ئەوەی لە یاری خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپا لە قۆناغی هەشتەم بەرامبەر یانەی مانچســـتەر یۆنایتد یاری کرد کاتێـــك بایەرن میونیخ توانی یارییەکە بباتەوە.

ماڵپەری فەرمی یانەی بایەرن میونیخ ستایشی مارك ڤان بۆمێل-ی کرد و ئاماژەی بەوە دا کە ڤان بۆمیل تا ئێستا ١٢ گۆڵی تۆمارکردووە لە گشت پاڵەوانێتییەکانی ئەوروپا کە تا ئێستا بەشداری کردووە.

جێگەی باسە ڤان بۆمیل تەمەن ٣٢ ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٦ چووە ریزی یانەی بایەرن میونیخ.

# ئەرشاڤین هیواداره له بەرشلۆنه یاری بکات



یاریزانی بـــه توانای یانەی ئەرسناڵ و هەڵبژاردەی روسیا ئەندریَ ئەرشـــاڤین کاتێك له زینێت ســـانت بترســـبێرگی روســـی یاری کـــرد حەزی دەکرد بچێته یانەی بەرشلۆنه بۆ ئەوەی لـــەم یانەیه یاری بکات، بـــەڵام یانەی زینێت داوای ٢٥ ملیـــۆن یۆرۆی کـــرد بـــۆ فرۆشـــتنی ئەم یاریزانـــه به توانایـــه، بۆیه یانەی بەرشـــلۆنه به بڕی ١٧ ملیۆن یۆرۆ له شـــوێنی ئەرشـــاڤین بۆندێکی لەگەڵ یاریزانـــی هەڵبژاردەی رووســـیای ســـپی ئەلکسندەر هێلب مۆرکرد.

دواتر ئەرشاڤین چووه ریزی ئەرسناڵ، بەڵام ئەم یاریزانه هێشـــتا خەون بەوە دەبینێت که یاری بۆ یانەی بەرشلۆنه بکات وچەندیـــن ســـاڵ وێنەی ئـــەم یاریزانه به درێسی بەرشلۆنه گیراوه.

جێگەی باســـه هەفتەی رابردوو ئەرشاڤین له خولی یانـــه پاڵەوانەکانی ئەورووپا دژی یانەی بەرشـــلۆنه یاری کرد، بەڵام بەهۆی پێکان له گێمی یەکەم یاریگەی جێهێشت.

# تیڤێز: گەر جۆن تێری له ئەرژەنتین بوایه دەکوژرا

# کاپێلۆ: تا له ئینگلتەره ماوم جۆن تێری نابێته کاپتن



هێرشبەری یانەی مانچستەر سیتی کارلۆس تیڤێز گوتی: گەر جۆن تێری لـــه ئەرژەنتین بووایه بەهۆی ئەو کارەی ئەنجامیداوه دەکوژرا، تێری پەیوەندی سێکسی لەگەڵ خۆشەویستی پێشووی برادەرەکـــەی واین برێدج ئەنجامداوه، تیڤێز له لێدوانێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (زا سەن)ی بەریتانی گوتی: گەر تێری له ئەرژەنتین بووایه یەکســـەر دەکوژرا، چونکه لـــه وڵاتی ئێمه هەر یاریزانێك پەیوەندی لەگەڵ خۆشەویستی برادەرەکەی بکات هەروەکو تێری که لەگەڵ برێدج ئەنجامیداوه ئەوه یەکســـەر دەکوژرا، له لایەکی دیکەوه ئیتاڵی فابیۆ کابێلـــۆ بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی ئینگلتەره ســـەبارەت بەو کارەی که تێری ئەنجامیداوه گوتی: تا ماوم له ئینگلتەره رێگا به تێری نادەم ببێته کاپتنی ئینگلتەره.

جێگەی باســـه مانگـــی رابردوو کابێلۆ جۆن تێـــری له کاپتنی هەڵبـــژاردەی ئینگلتـــەره دوورخســـتەوه لەبەر ئـــەوەی تێری بەشێوەیەکی ناشـــیرین هەڵســـوکەوتی لەگەڵ برادەرەکەی واین بریدج کردبوو، کاپێلۆ زیاتر گوتی: جۆن تێری کاپتنی راســـتی هەڵبـــژاردەی ئینگلتەرەیه، بەڵام نابێت ئیشـــارەتەکه هەڵبگرێت هەروەها گوتی: تێری رێزی خۆی لەبەردەم یاریزانەکان نەهێشت بەو هەڵسوکەوتەی که ئەنجامیدا، کابێلۆ دەڵێ: به تێریم دەگوت دەبێ تۆ پێشـــەنگ بێت بۆ مناڵەکان و هاندەران، هیوادارم ئەمه دوایین چیرۆکی ناخۆشی تێری بێت.

یاریزانی مانچستەر سیتی واین برێدج بڕیاریدا که بەشداری له مۆندیال نەکات، بەڵام کاپێلۆ ئاواتی ئەوەی خواســـت که یاریزانی یانەی مانچستەرسیتی له بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوه و بەشداری مۆندیال بکات.



# رکابەریی بەرشلۆنه و مەدرید لەسەر مووچەی یاریزانەکانیش بەردەوامه

رۆژنامـــەی (دێلی مۆر)ی بەریتانی بەناوبانگ سەرژمێرییەکی سەبارەت بەو یانانه ئاشکرا کرد که پارەیەکی زۆر بۆ مووچەی یاریزانەکان خەرج دەکەن، لەم سەرژمێرییه رکابەریی بەرشلۆنه و ریال مەدرید بەردەوامه کاتێك یانەی شاهانه به پلەی دووەم هات که زۆرترین پاره له مووچـــەی یاریزانەکان خەرج دەکات و یانەی بەرشلۆنه به پلەی سێیەم هات، ئەمەش ئەنجامی سەرژمێریەکەیه.

١- نێـــورۆك یانێکـــس ئەمەریکـــی ٨٩,٨٩٧ جونەیهـــی ئەســـترلینی له هەفتەیەك خەرج دەکات.

٢- ریال مەدریـــد ٨١,٤٤٤ جونەیهی ئەسترلینی.

٣- بەرشـــلۆنه ٧٨,٢٣١ جونەیهـــی ئەسترلینی.

٤- چێڵســـی ٦٨,٩٤٦ جونەیهـــی ئەسترلینی.

٥- دالاس ماڤرێکـــس ئەمەریـــکا ٦٨,٣٤٣ جونەیهی ئەسترلینی.

٦- لۆس ئەنجلـــۆس لێکرز ئەمەریکا ٦٥,٥٦٣ جونەیهی ئەسترلینی.

٧- دیترۆیـــت بیســـتۆنز ئەمەریـــکا ٦٤,٢٣٤ جونەیهی ئەسترلینی.

٨- کلیڤلانـــد کاڤالێـــرز ئەمەریـــکا ٦٣,٥٢٩ جونەیهی ئەسترلینی.

٩- بۆستن سێلتکس ئەمەریکا ٦٢,٨١٣ جونەیهی ئەسترلینی.

١٠- نیویۆرك نێکس ٦٢,٧٦٩ جونەیهی ئەسترلینی.